# ژنان و کۆمۆنیزم

دارا ئەحمەد



فەلسەفەی ماتریالیستیی بە پشتبەستن بە تێکڕای زانستەکانی مێژووی مرۆیی لە خوێندنەوەی مێژوو بە شێوەیەکی بابەتییانە سەلماندوویەتی کە ژنان بەر لە دروستبوونی کۆمەڵگەی چینایەتیی - سەردەمی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان - بە هۆی ژنبوونیانەوە بەهیچ جۆرێک لە لایەن پیاوانەوە نەچەوسێندراونەتەوە .. چونکە ئەودەم توانیویانە بە پێی پێویستییەکانی گوزەران و تێکڕای ژیان گشت ئەرکەکانی سەرشانی خۆیان رابپەڕێنن .. تەنانەت بۆ ماوەیەک دەسەڵات لە دەست ئەوندا بووە نەک پیاوان، بەڵام کاتێک کۆمەڵگەی چینایەتیی - کۆمەڵگەی کۆیلەیی - هاتە ئارا و کۆمەڵی دابەشکرد بۆ دوو چینی چەوساوە و چەوسێنەر.. دەسەڵاتی پیاوسالارییشی لەگەڵ خۆیدا هێنا .. واتە بە پەیدابوونی چەوسانەوەی چینایەتیی لەوساکەوە تا ئێستا ژنان لەژێر دەستی پیاوان دەچەوسێندرێنەوە.

**هاتنی ئەو بارە چەوسێنەرەی ژنان بە کورتییەکەی بەو شێوەیەی خوارەوە بووە:**

سەرەتا بە هۆی بارگرانیی منداڵ بەرهەمهێنان و پێ لەکورتیدانی ژنان (دابەشبوونی سروشتییانەی کار) بە ناچاریی هاتۆتە پێش؛ واتە ئەو کارانە بە ژنان سپێردران کە لە ماڵ یان شوێنی سادەی پشوودان و خەوتن و دەوروبەرەکەی هەبوون وەک بەخێوکردنی منداڵ و خواردن ئامادەکردن و کاری سادەی کشتوکاڵیی و ... هتد، کارەکانیتریش وەک بەدواداگەڕان و کۆکردنەوەی بەری دارودرەخت و گژوگیا و راوکردنی ئاژەڵان و ... هتد بەر پیاوان کەوتن، ئەو کاردابەشکردنەش بووە هۆی بەهێزترکردنی بیروبازووی پیاوان لە هی ژنان، پاشان هەندێک کەس - لەنێو پیاوان - بەهۆی ئەو کارەیان و پتر گەشەسەندنی بیروبازوویان لە خەڵکانیتر بەرهەمی زیادە و کەرستە سەرەتاییەکانی کارکردنیان داگیرکرد و خۆیان کردە خاوەنیان .. (دابەشبوونی چینایەتییانەی کار) هاتە ئارا؛ واتە کۆمەڵە خەڵکێکی کەم بوونە خاوەنکار و زۆربەی خەڵکیش کە نەیانتوانی ببنە خاوەنی هیچ شتێک زۆربەی کارەکانیان خرایە سەرشان و دەستکەوتی کارەکانیشیان لە لایەن خاوەندارەکانەوە زەوت دەکرا .. تەنانەت وای لێهات کەسێک ببێتە خاوەنی چەندان کەس و قۆناغی چەوسێنەری کۆیلەیی دەستپێبکا، لەو نێوەشدا ژنان بە هۆی ئەو بارەیان کە لە سەرەوە باسکرا لە ژێر سایەی دەسەڵاتی چەوسێنەرانەی چینایەتیی دەسەڵاتی پیاوسالارییان بەسەردا سەپێندرا.

لەو کاتەوە تا ئێستا بە تێپەڕبوونی هەردوو قۆناغی کۆیلەیی و دەرەبەگیی و هاتنی قۆناغی سەرمایەداریی کە هەرسێکیان کۆمەڵگەی چینایەتیین و لەسەر بنچینەی چەوسانەوەی چیناتەتیی دامەزراون .. هێشتا ژنان - لەگەڵ ئەوەی هەمیشە لە خەبات و بەرانگژبوونەوەدا بوونە هەندێک دەستکەوتیشیان وەدەستهێناوە - رزگار نەبوونە و بە دڕندانەترین شێوە لە لایەن پیاوانەوە دەچەوسێندرێنەوە .. تەنانەت چەوساندنەوەکەیان گەیشتۆتە رادەیەکی ئەوتۆ کە وا لێڕاهێندراون خودی خۆشیان خۆیان بچەوسێننەوە، دیارە تا چەوسانەوەی چینایەتییش مابێ رزگاریان نابێ .. چونکە چەوسانەوەی ئەوان لە پەیدابوونی چینەکان و چەوسانەوەی

چینایەتیی سەرچاوەی گرتووە، هەر بەو پێیەش کە کۆمۆنیزم هزری رزگاریی مرۆڤە و ئەو رزگارییەش بە لابردنی چەوسانەوەی چینایەتیی و دامەزرانی کۆمەڵێکی بێ چین دەستپێدەکا هەر جۆرە دەسەڵاتێک کە لەسەر بنچینەی چەوسانەوەی چینایەتیی پەیدا بووە - وەک دەسەڵاتی پیاوسالاریی - بەرەو مەرگ رادەماڵێ .. کەواتە کۆمۆنیزم تاکە رزگارکەری یەکجارەکییە بۆ ژنانیش.

هەرچەندە بزاڤی کۆمۆنیستیی رابردوو لە سەراسەری جیهان لە یەکەم هەنگاویدا کێشەی ژنانی بە کێشەیەکی گرنگی خۆی زانیووە و لە گۆڕەپانی خەباتیشدا دەستکەوتی زۆر مەزنی لە یەکسانییکردنی ژنان بە پیاوان وەدەستهێناوە بەڵام هەروەک لە زۆر لایەنیدی دووچاری لادان و شکست بۆتەوە لە پرسی ژنانیش کۆمەڵێک هەڵە و کەموکوڕیی و تێڕوانینی نادروستی هەبووە و کە گرنگترینیان ئەوانەی خوارەوەن:

١ - تێڕوانینی بۆ هەر کێشەیەک بە تایبەتییش بۆ کێشەی ژنان پتر تێڕوانینێکی پیاوانە بووە.

٢ - بەستنەوەی چارەسەرکردنی کێشەی ژنان بە هەڵگیرساندنی شۆڕشی سۆسیالیستیی بەجۆرێک بووە کە زۆر جار جوولاندن و بردنەپێشەوەی کێشەکە لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی سەرمایەداریی فەرامۆش بکرێ و بۆ کاتیتر هەڵبگیردرێ.

٣ - هەندێک جار هەر بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە بە تەنگ کێشەکەوەن رووکەشییانە ژنانیان خستۆتە گۆڕەپانی تێکۆشان و رۆتینییانە بەرنامەیان بۆ کێشەکە داناوە .. سەرئەنجام دووچاری " زۆریی و بۆریی " بوونەتەوە.

٤ - دووپاتکردنەوەی هەڵەی هەبوونی رێکخراوی تایبەت بە ژنان .. سەرەڕای ئەوەش ئەو رێکخراوە تایبەتانەشیان بۆ بەرژەوەندیی تەسکی حیزبیی و رامیاریی خۆیان و ئەندامگیریی بەکارهێناون و هەر خۆیان بۆ چەند مەبەستێکی خۆیان دروستیان کردوون.

٥ - نەبوونی رێکخراوێکی دوور لە بەرژەوەندیی سیاسەتێکی دیارکراو کە لە ژنان و پیاوانی یەکسانییخواز پێکهاتبێ و تەنیا ئامانجی وەدەستهێنانی مافەکانی ژنان و یەکسانییکردنیان بێ بە پیاوان.

٦ - نەبوونی بەرنامەیەکی تایبەت لەنێو کۆمۆنیستەکان بۆ هۆشیارکردنەوە و پەروەردەکردنی ژنان بەشێوەیەکی وا کە بتوانێ رێگە بگرێ لەبەردەم سەرلێشێواندن و بازرگانیی پێوەکردنیان لە لایەن سەرمایەدارانەوە.

٧ - ملکەچبوون بەرامبەر دابونەریتە کۆنەکان و رەوتە کۆن و نوێیە پیاوسالاریی و نێرسالاریی و دینیی و کۆنەپەرستییەکانی نێو کۆمەڵ کە چەوسانەوەی ژنان درێژە پێدەدەن و قووڵتری دەکەنەوە.

٨ - پشتگیریی نەکردن و یارمەتییەدانی ئەو هزر و رێبازانەی دەرەوەی کۆمۆنیستیی کە دەتوانن تا رادەیەک هەندێک دەستکەوت بۆ ژنان وەدەستبهێنن، هەروا لەیەک جیانەکردنەوەی ئەو هزر و رێبازانە لەیەکتر کە هەندێکیان بەشێوەیەکی تاکتیکیی دێنە سەر گۆڕەپانەکە بۆ پتر سەرلیشێواندن و لەباربردنی خەباتی ژنان.

٩ - زۆربەی پیاوە کۆمۆنیستەکان نەیانتوانیبوو لە کردەوەدا بە یەکسانیی لەگەڵ ئەو ژنانە هەڵسوکەوت بکەن کە لەگەڵیاندا دەژیان یان لە کارکردن و ریزی سیاسەت بە یەکەوە بوون، لە لایەکیدیش زۆربەی ئەو ژنانەی کە تەنیا بە ناو و پالپشتیی حیزبەکان ببوونە کۆمۆنیست بە

ڕەفتاری نایەکسانییخوازانەیان پتر سەریان لەو ژنانە دەشێواند کە دەرفەتی هۆشیاربوونەوەیان نەدراوە لەنێو کۆمەڵ.

١٠- لەبەرچاونەگرتنی تایبەتمەندیی ژنان - کە بەشێوەیەکی سروشتیی ڕەگەزێکی جیاوازن لە پیاوان " نەک بە کەمترگرتنیان لە پیاوان" - وەک ئەوەی تایبەتمەندیی پیاوان لەبەرچاو گیردراوە یان پێویستە لەبەرچاو بگیردرێ.. بەڵام بە مەرجێک ئەو تایبەتدمەندیی لەبەرچاوگرتنە نەبێتە هۆیەکیتر و جۆرێکیتر بۆ پترکردنی چەوسانەوەکەیان.

بەوجۆرە بە ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵە و کەموکوڕییانە و بەو ڕێگەچارانەی باسکران هزری کۆمۆنیستیی باشترین و داکۆکییکەرترین هزرە بۆ ڕێگای خەباتی ژنان و وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانیان، چونکە ئەو هزرە جگە لەوەی لەنێو ریزەکانی خۆی بە یەک چاو سەیری ژنان و پیاوان دەکا بەرامبەر بە کۆمەڵیش پەنجە لەسەر بچووکترین جیاوازیی دادەنێ و بۆ چارەسەرکردنیشیان تێدەکۆشێ .. هەروا ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان ڕەت دەکاتەوە و لەجێی ئەودا ڕێکخراوی داکۆکییکەر لە ژنانی پێ باشە کە لە ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز پێکدێ بە جۆرێک کە بە بێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە ڕامیاریی و و ڕێکخراوەییەکانی خۆی تەنیا یارمەتیی هەمەلایەنەی دامەزراندنیان دەدا و خۆی دایاننامەزرێنێ.

dara@emrro.com